# هەڵبژاردن و ئازادی

ئانتۆنیو گرامشی

وەرگێران لە فارسیەوە: هیوا ئەمانی

مانای هەقیقی و دیاریکراوی بەرابەری بۆرژوازی وردە وردە بە شێوەیەکی تەواوەن ڕوون خەریکە ئاشکرا دەبێ و ئەم ڕاستیانە تەنانەت لە لایەن بێ ئاگاترین و دواکەوتوو ڕاگیراوترین بەشەکانی پرۆلیتاریاشەوە فام دەکرێن. بۆرژوازی خاوەن کارخانە و خاوەن زەوی، بە سەدان و بگرە بە هەزاران ڕۆژنامە و چاپەمەنی هەیە: تەواوی کارخانەکانی دروست کردنی کاغەزیش لە خاوەنداریەتی ئەو دان. پرۆلیتاریا بە پشتیوانی سەرچاوەکانی خۆی تەنیا دەتوانێ هەندێک رۆژنامە چاپ بکات. ترساندن و تۆقاندنی ئەو چاپخانانەی کە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی حیزبەکانی چینی کرێکار لە ئەستۆ دەگرن، هەلومەرجی بێدەرەتانی چینی بێ بەشی لەوەی کە هەشە کۆڵەوارتر کردوە. هیچکام لەو هەزاران هەزار ڕۆژنامانەی بۆرژوازی هەتاکوو ئێستا لەلایەن پرۆلیتاریاوە لەناو نەچووە. بەڵام لە بەرامبەر دا ئەگەر کۆمەڵێکی بچووک لە چاپەمەنیەکانی چینی کرێکار لەبەر چاو نەگرین، بەشێکی زۆری لەلایەن بۆرژوازیەوە لەناو چوون، لەوانە: ئەیل لاوراتورە لە شاری

تریست، ئەیل پرۆلیتاریۆ لە شاری پوڵا، لادیفسا لە فلۆڕانس، لاگوۆستیزیا لە رێجیۆامیلیا و "ئاوانتی!" لە هەردوو چاپی میلان و ڕۆمی دا. (ئاوانتی! ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا بوو).

بۆرژوازی کارخانەدار و خاوەن زەوی بە دەیان هەزار ساڵۆنی وتاردان، سینەما و شانۆیان لەبەر دەستدایە، کە زۆر بە هاسانی و لەسەرەخۆ دەتوانن هەوادارانیان لەوێدا کۆبکەنەوە و هەر بانگەشەیەک کە پێیان باش بێت بیکەن. بەڵام دەیان و سەدان بینایەک کە بە دەست ماڵە کرێکاری و گروپە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیەکانەوە بوون سووتێندراون. تەنانەت شەقامەکانیش بۆ جەماوەری خەڵک بە ڕەوا نابینن: سروشتی ترین شوێنیک کە پرۆلیتاریا دەتوانێ لەوێ بێ بەرامبەر کۆببێتەوە ئێستاکە بۆتە مەیدانی بۆسە و پەلاماری شەوانە. چینی کرێکار بۆ ئەوەی هەژمونی خۆی بەسەر شەقامەکانەوە بهێڵێتەوە دەبێ شەو و ڕۆژ لەسەر هەست بێ؛ نە بۆ کار بچێتەوە کارخانە و نە بۆ حەسانەوە بچێتەوە ماڵ. سەد چەکداری تۆکمەی تایبەت کە بەرلێبووردن کەوتنیان بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێک و هاوکاریکردنی بێ مەرجی هێزەکانی حکومەت لە هەرشوێنێک کە پێویستیان بێ دەستەبەر کراوە؛ (بە بێ ئەوەی ناچار بە ئەنجامدانی کارێکی بەرهەم هێن بن)؛ و توانایان هەیە کە بۆ بەکردەوە دەرهێنانی پلانی سەرتاسەری هەر کات کە بیانهەوێ و بۆ

هەر شوێنێک کە بیانهەوێ بچن، بەسە بۆ ئەوەی پرۆلیتاریا بێبەش بکەن لە دەست پێڕاگەیشتن بە ئازادی هاتووچۆ و ئازادی دیدار و باس کردنی ئەم بابەتانە.

پاڕلەمانێک کە لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا هەڵدەبژێردرێ چ نرخێکی هەیە؟ چۆن دەتواندرێ کە بە ئاوێنەی باڵا نوێنی ویستی ئازادی نەتەوە بێتە هەژمار؟ چ نیشانەیەکی دەتوانێ لە پێگەی سیاسی ڕاستەقینەی چینەکان هەبێ؟

ئەگەر تەنیا پرسینی ئەم پرسیارانە بەس بێ بۆ مەحکومکردنێکی هەمەلایەنە، ئەگەر هەلومەرجی ووشیاری و ورووژاندنی گشتی گرێدراو بە ناوەندەکانی نەزمێکی نوێ بەس بێ، ئەوا لەمێژ بوو کە خەباتی سیاسی لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی چێنی کرێکار بەسەر چینی بۆرژوا دا کۆتایی هاتبوو. ڕاپەڕینی چینی بندەست و چەواسەوە بەسەر چەوسێنەران و ئازادی و بەرابەریە درۆینەکەیاندا، لەمێژ بوو ڕووی دابوو.

ڕاستیەکە ئەوەیە کە وشەکان و بانگەشەکان بۆ هەڵخڕاندنی کۆمەڵ یان دیاریکردنی هەلومەرجێکی پێویست و تەواو بۆ بنیاتنانی نەزمێکی نوێ بەس نیە. ڕەوتی مێژوویی لە مەودای دیالێکتیکی ڕاستەقینەیە کە بە ئەنجام دەگا: ئەم بابەتە نە لە ڕێگای پەروەردەوە یان مشتومڕ بەڵکوو لە ڕێگای ئاوەژوو

کردنەوەی بەزۆری ڕەوشی بێ ئەملا و ئەولای پەیوەندیەکانە کە دەستەبەر دەبێ، پەیوەندی گەلێک کە لەوپەڕی ڕوونیاندا بۆ بەشێکی زۆر لە جەماوەری خەڵک ئاشکران. بەڵگە نەویستە کە دەستلەکار کێشانەوەی بەزۆری ئەندامانی سۆسیالیستی شۆڕاکانی شار زیاتر لە دو ساڵ بانگەشەی خەڵک خەڵەتێنی حیزبی سۆسیالیست چەمکی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریای ڕوونتر کردۆتەوە. بەڵگە نەویستە کە فاشیزم، لە چەند مانگدا، بە شێوەی کرداری یارمەتی زیاتری داوە بە ڕوونکردنەوەی ئیدەی کۆمۆنیزمی نێونەتەوە لە ووشیاری پرۆلیتاریا دا تا دوو ساڵ چاپ و بڵاو کردنەوەی "ئاوانتی!" و هەرچی نووسەرانی کردویانە. بەڵگە نەویستە کە ئەم هەڵبژاردنە بەتایبەتی پاڕلمان و تەواوی ناوەندە بۆڕژوازیەکانی تر لە زەینی خەڵکدا دەکاتە دەرەوە، و بەڵگە نەویستە کە ئەوان سیستەمێکی هەڵبژاردنی تەواوەن جیاواز دروست دەکەن، سیستەمێک کە تیایدا خواستی خەڵک و ئیدیاڵی تازەی ئازادی و بەرابەری وەدی دێنێ و لە پشتیوانەیەکی پڕاوپڕ بەهرەمەند دەبێ، سیستەمێک کە لە ڕووی مێژوویەوە بێ ئەم لاو ئەولایە و بەرامبەرکێی لەگەڵدا ناکرێ.

هەر بەو هۆیەیە کە حیزبی کۆمۆنیست خۆی لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا نابوێرێ. چونکوو حیزب ئەزموونی ئەم هەڵبژاردنەی لە ئەوپەڕی کاریگەری و هێزی

فێرکاریانەی خۆیدا دەوێ. چونکوو حیزبی کۆمۆنیست تەنیا حیزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریا نیە. بەڵکو حیزبی جەماوەری بەرینی خەڵکیشە. تەنانەت بێ ئاگاترین و دواکەوتوو ڕاگیراوترین بەشەکانیشی. حیزبی کۆمۆنیست دەیهەوێ کە بە قوڵترین توێیەکانی وەهم و خەیاڵی سۆسیال دیموکراتەکان بگا و ئەو وەهمە لەناو بەرێ. ئایا هەڵبژاردن، هەر بەو جۆرەی کە ئازادی و بەرابەری بۆرژوا دیموکراتەکان پیشانی دەدا، تەنانەت یەک نوێنەر بە چینی کرێکار دەدا یان بۆی بە ڕەوا دەبینێ؟ ئەگەر ئەوە ڕوو بدا هەر ئەو تاکە کەسە دەبێتە نوێنەری تەواوی چینی بەش مەینەت. تەواوی چینی کرێکار گوێبیستی دەنگی دەبن. خرۆشێک کە ئەو تاکە نوێنەرە، بە بڕیاری حیزبی پرۆلیتاریا، بەرزی دەکاتەوە لە لایەن هەموو چینەکەوە وەردەگیرێ و دەبێتە کردار. ئەم هەلومەرجە بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر دەبێتە هۆی دروست بوونی ناوەندی هەڵبژاردنی تازە. ناوەند گەلێک کە لە بەرامبەر بە پاڕلەماندا ڕادەوەستن و دەبنە جێ گرەوەی: هیچ توێژێک لە خەڵکیش ئاخ و داخ بۆ پاڕلەمان هەڵناکێشن و شەڕی بۆ ناکەن. ڕەوتی ڕاستەقینەی ئەم بابەتە ئێستا لە ڕووسیادا ڕوودەدا. تەواوەن درک پێکراوە کە بۆچی دەوڵەتی شۆڕەوی، دوای تەنیا چەند مانگ لە شۆڕشی نوامبر، دەبێ شۆڕای یاسای بنەڕەتی پێک بێنێ. ئەگەر ئەم شۆڕایە پێک نەهاتبا، ئەوا بەشێکی زۆر لە چین و توێژەکان پارێزەری

پاڕلەمانتاریزم دەمانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوەشاندنەوەی پاڕلەمان نەبووە هۆی هیچ نیگەرانی یاخود شۆڕشێک. ئەمڕۆ تەنانەت بۆ دواکەوتوو ڕاگیراوترین بەشەکانی جوتیارانیش (لە ڕووسیا) ڕوون بۆتەوە کە ئەگەر شۆڕای یاسای بنەڕەتی بە پێی لیستی هەڵبژێردراوی حیزبەکان پێک هاتبا کە جێگای تایبەتی خۆیان لە دەست داوە، ئەم ناوەندە چیتر نوێنەری خەڵک نەدەبوو- نەدەبووە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی تەواوی خەڵک. بۆلشویکەکان دەیانهەویست ئەم ئەزموونە بە ئاکام بگا. ئەوان دەیانهەویست کە ووشیاری خەڵک بە پێی نمونەیەکی ماتریالیستی شکڵ و شێوە بگرێ. ئەوان نەیاندەویست کە لە نێو جەماوەردا هیچ وەهمێکی ناڕوون یان تاسەیەک بمێنێتەوە.

وەرن تاکوو ئەم گریمانەیەی شۆڕش لەخۆگرین کە ڕاپەڕینی جەماوەر پاڕلەمانی داهاتوو دەپێچێتەوە و لەجێیدا کۆنگرەی نوێنەرانی کرێکاران و جوتیاران بەرپا دەکا.

بەدڵنیایەوە تەنانەت فیلیپۆ تۆڕتای ش ناتوانێ لافی ئەوە لێبدا کە دیموکراسی بۆرژوایی "شار"ە و شۆڕەوی "قەبیلە"ەیە...

**ئەم بابەتە لە لایەن گرامشی یەوە لە حەوتە نامەی "نەزمی نوێ" لە بەرواری ٢١ ئاوریلی ١٩٢١ دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.**